***پرسیارەکانی وانەی ڕێبازی توێژینەوە زانستی***

***قۆناغی سێیەم / سمستەری یەکەم***

١- لاپەڕەکانی توێژینەوەی زانستی بە چ شێوازێک ڕێك دەخرێت ؟

٢- باسی لاپەڕەی " پێرستی بابەتەکان " بکە ؟

٣- لە چ کاتێکدا گریمانەی لاوەکی دەنووسین ؟

٤- چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان نووسینی ژمارەی لاپەڕەکان لە پێش پێشەکی و لە پێشەکی بەدواوە؟

٥- بە چەند شێواز زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە ؟ باسیان بکە ؟

٦- باسی میتۆدی توێژینەوە بکە ؟

٧- تێبینییەکانی سەبارەت بە لاپەڕەکانی سوپاس و پێزانین و پێشکەش کردن بنووسە ؟

٨- لە پێکهاتەی توێژینەوە باسی چی دەکەین ؟

٩- بە نموونە باسی گرینگترین بگۆڕەکان بکە ؟

١٠- ئەو زانیاریانە بنووسە کە دەبێت لە سەر بەرگی توێژینەوەی دەرچوون هەبێت ؟

١١- جیاوازییەکانی نێوان پێرستی بابەت و پێکهاتەی توێژینەوە بنووسە ؟

١٢- وشەی زانست بە چ مانایەک دێت و پێناسەیەک بۆ زانست بنووسە ؟

١٣- باسی دابەش کردنی زانستەکان بکە لە لایەن " ئەرستۆ " و " ئۆگست کۆنت " ؟

١٤- "میلڤیل دیویی " پسپۆڕی بەناوبانگی ئەمریکی بە چ شێوازێک پەرتووکخانەکان دابەش دەکات ؟

١٥- چوارچێوەی زانستی ئەدەبی دابەش دەبێتە سەر دوو گرووپ ، ئەمە بە وردی باس بکە ؟

١٦- گریمانە لەسەر ئەساسی ئەزموون و زانیاریەکانی پێشووی مرۆڤ دروست دەبێت ، ئەمە باس بکە ؟

١٧- " یاسای زانستی " پێناسە بکە ؟

١٨- تایبەتمەندییەکانی " یاسای زانستی " بنووسە ؟

١٩- " تیوری " پێناسە بکە و ( ٤ ) دانە لە تایبەتمەندییەکانی بنووسە ؟

٢٠- توێژینەوە لە مانا تایبەتییەکەی دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، باسیان بکە ؟

٢١- باسی " پەرەپێدانی چوارچێوەی زانستی مرۆڤ " بکە ؟

٢٢- " توێژینەوەی زانستی " پێناسە بکە ؟

٢٣- بە دوو خاڵ باسی فەلسەفەی توێژینەوەی زانستی بکە ؟

٢٤- بە وێنە باسی بازنەی زانراو و نەزانراوەکانی مرۆڤ بکە ؟

٢٥- مرۆڤ بەشێکە لە سێ سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، ئیکۆلۆجی و میتافیزیکی، لە روی زانستییەوە باسی ئەمە بکە ؟

٢٦- ئامانج لە توێژینەوەی زانستی چییە ؟

٢٧- مرۆڤ بە سێ هۆکار فێری توێژینەوەی زانستی دەبێت ئەم هۆکارانە چین پاشان روونیان بکەرەوە ؟

٢٨- لە پێداویستیە سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستی باسی کەرەستەکانی توێژینەوە بکە ؟

٢٩- ئەم خاڵە روون بکەرەوە ؟ " بوونی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی "

٣٠-لە بەر چی لە توێژینەوەی زانستی پێویستمان بە بودجە و هەبوونی کلتوری توێژینەوە لە کۆمەڵگە هەیە ؟

٣١- تایبەتمەندی و ڕێساکانی توێژینەوەی زانستی بنووسە و بە وردی باسی یەکێکیان بکە ؟

٣٢- توێژینەوی زانستی دەبێت ببێتە هۆی زیاد بوون و پەرەپێدانی زانست ، ئەم خاڵە باس بکە ؟

٣٣- لە چ کاتێکدا پێویستە توێژەر بوێر و نەترس بێت ؟

٣٤- لە بەر چی لە کاتی ئەنجامدانی هەندێک لە توێژینەوە زانستییەکان پێویستمان بە بەڕێوەبەرێکی بەتوانا هەیە ؟

٣٥- بۆ چی توێژەر دەبێت بێلایەن و ئارامگر بێت ؟

٣٦- " ئەلڤین تۆفلێر "(Alvin Tofler) بە چ شێوەیەک گەییشت بەم گریمانەیە : " ڕۆژی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە سەری هەڵداوە و لە ڕۆژئاواش ئاوا دەبێت ".

٣٧- باسی توێژینەوەی مێژوویی بکە ؟

٣٨- کێشەکانی بەردەم توێژینەوەی مێژوویی باس بکە ؟

٣٩- بە چ شێوەیەک کێشەکانی بەردەم توێژینەوەی مێژوویی چارەسەر دەکرێن ؟

٤٠-ئـەو سـەرچاوانەی کەلـە توێژینـەوەی مێژوویـی بـەکاردێن لـە ڕوی گرنگیـەوە دەبـنە چەنـد بەش، بیانژمێرە و باسیان بکە ؟

٤١-بە چ شێوازێک هەڵسەنگاندن بۆ بەڵگەنامە مێژووییەکان دەکەین ؟

٤٢- توێژینەوەی ئەزموونی پێناسە بکە و باسی تایبەتمەندییەکانی بکە ؟

٤٣- باسی گرووپەکانی ئەزموون و کۆنترۆڵ بکە لە توێژینەوەی ئەزموونی ؟

٤٤- توێژینەوەی ئەزموونی چۆن ئەنجام دەدرێت ، بە وردی باسی بکە ؟

٤٥- ئەو هۆکارانە چین کە وایان کردووە تـوێژەرانی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان روو لـە ئەنجامـدانی توێژینەوەی ئەزموونی نەکەن ؟

٤٦- باسی توێژینەوەی وەسفی بکە ؟

٤٧- توێژینەوەی وەسفی دەبێتە سێ بەش ، بیانژمێرە و بە وردی باسی یەکێکیان بکە ؟

٤٨- ناوی ئەو دامەزراوە بەناوبانگ و جیهانیانە بنووسە کە زۆر شێوازی توێژینەوەی وەسفی بەکـار دێنن ؟

٤٩- بە نموونە باسی توێژینەوەی تاکە کەسی و توێژینەوەی گرووپی بکە ؟

٥٠- لە ڕووی کوالێتی چەند جۆر توێژینەوە هەیە ، بیانژمێرە و باسی یەکێکیان بکە ؟